# سەرروای شیعرە کوردییەکانی نالی

**یادگار ڕەسووڵ حەمەدەمین** **بەشی کوردی، فاکەڵتیی ئاداب، زانکۆی سۆران، سۆران، هەرێمی کوردستان، عیراق**

**ئیمەیل:** ya@soran.edu.iq

## پێشەکی:

ئەم توێژینەوەیە بە ناونیشانی (سەروای شیعرە کوردییەکانی نالی)، توێژینەوەیەکی وەسفی-شیکارییە. هەوڵێکە بۆ دەرخستن و لێتوێژینەوەی چۆنییەتی بەکارهێنانی هونەرەکانی سەروا لە شیعری نالیدا، چ لەسەر ئاستی دەنگەکانی سەروا، چ لەسەر ئاستی وشەکانی سەروا.

ئەگەر چی لە ناوەندە ئەکادیمییەکاندا توێژینەوەی زۆر لە بارەی شیعری نالییەوە کراون، بەڵام کەمترین توێژینەوە لە بارەی تەکنیکی سەرواوە کراون، ئەمەش بووە هۆی هەڵبژاردنی ئەم بابەتە. ئەوەندەی بزانین ئەمە یەکەمین توێژینەوەیە، کە کار لەسەر وردەکارییەکانی تەکنیکی سەروا لە شیعری نالیدا دەکات.

بۆ ئەنجامدانی ئەم توێژینەوەیە، کۆمەڵێک چاپی دیوانی نالی لەبەر دەست دا بوون. بەڵام لەناو هەموویاندا چاپی (مارف خەزنەدار، دیوانی نالی، چاپی دووەم، چاپخانەی حاجی هاشم، هەولێر، ٢٠٠٨) کراوەتە بنەمای توێژینەوەکە. ئەمەش لەسەر بنچینەی ئەوەی، کە نوێترین چاپییەتی تا ئەمڕۆ، هاوکات لەم چاپەدا بە وردی پێداچوونەوە بۆ لایەنی تەکنیک و کێش و سەروای شیعرەکان کراوە و پێمان وایە لەمبارەیەوە دەبێتە دروستترین چاپی دیوانی نالی.

ئەم توێژینەوەیە لە دەروازەیەک و دوو بەش پێک هاتووە. لە دەروازەدا وێڕای باسکردنی پێناسە و زاراوە و چەمکی سەروا، باس لە قاڵبەکانی سەروای شیعری نالی کراوە، کە هەریەک لە قاڵبەکانی غەزەل و قەسیدە و موستەزاد و تاک بەیتی بەکار هێناوە. لە بەشی یەکەمیشدا، باس لە وردەکارییەکانی سەروای شیعری نالی کراوە لە ئاستی دەنگەکانەوە و بە وردی لە هەریەک لە ڕەوی و پێش ڕەوی و پاش ڕەوی کۆڵدراوەتەوە. لە بەشی دووەمیشدا، لە سەر ئاستی وشەکانەوە لە سەروای شیعری نالی کۆڵدراوەتەوە، کە هەریەک لە پاش سەروا (ڕەدیف) و پێش سەروا (حاجیب) دەگرێتە خۆی.

بە کۆمەڵێک ئەنجام کۆتایی بە توێژینەوەکە هاتووە.

**وشە کلیلییەکان:** سەروا، ڕەوی، پێش ڕەوی، پاش ڕەوی، ڕەدیف، حاجیب، موستەزاد، تاک.



DOI:https://doi.org/10.26750/Vol(7).No(1).paper24 http://journal.uor.edu.krd/index.php/JUR Vol.7. No.1, January.2020

## کورتکراوەکان:

ش= شیعر، لا= لاپەڕە

## دەروازە:

## زاراوە و چەمکی سەروا:

لە زمانی کوردیدا (سەروا) لە بەرانبەر (القافیە) ی عەرەبی و (Rhyme) ی ئینگلیزی هاتووە. وەک وشەیەکی فەرهەنگی، لە هەنبانەبۆرینەدا بەم شێوەیە هاتووە: (سەروا: پاشڵی شیعر، قافیە)(هەژار، ١٣٩٢، لا٤٤٣). لە زمانی کوردیدا، جگە لە سەروا، هەریەک لە وشەکانی قافیە، دواخشت، لەنگەر، سەرواد و سەروادەش بەکار هاتوون، بەڵام بەربڵاوترینیان سەروا و قافیەن. بە پێی ئەو زانیارییانەی لەبەردەستن، یەکەمین کەس کە وشەی (سەروا)ی بەرانبەر وشەی (قافیە) بەکار هێناوە (عەلائەدین سەجادی) بووە.(گەردی، ١٩٩٩، لا٢٢) دواتریش لەلایەن نووسەران و توێژەرانەوە بڵاوبۆتەوە و زیاتر بەکار هاتووە. سەروا وەکو زاراوەیەکی زانستی چەندین پێناسەی بۆ کراوە. بە بڕوای ئێمە لەناو توێژەرانی کورد دا باشترین پێناسە پێناسەی (عەزیز گەردی)یە، کە بۆ سەروای کردووە، دەڵێت: (سەروا بریتییە لەو دەنگە یان کۆمەڵە دەنگەی (کە هەندێ جار بە برگە و لای هەندێ بە تیپ ئاماژەی بۆ کراوە) لە کۆتایی وشە سەروادارەکان دووبارە دەبنەوە، ئەمە بە تایبەتی لە کۆتایی لەت یا دێرە شیعر)(گەردی، ١٩٩٩، لا٢٦).

هەر لە کۆنەوە، کە پێناسەی شیعر کراوە، وەک ڕەگەزێکی سەرەکی قسە لەسەر سەروا کراوە. عەرەبەکان لە کۆندا پێناسەی شیعریان بەو شێوەیە کردووە: (کلام موزون مقفى یدل على معنى) (قدامە بن جعفر، ١٣٠٢، لا٣). بە پێی ئەم پێناسەیە سەروا یەکێک لە چوار ڕەگەزە سەرەکییەکانی شیعرە، کە بریتین لە (قسە، کێش، سەروا، واتا). بۆیەشە لەناو شیعری عەرەبی و شیعری میللەتانی تری جیهانی ئیسلامیش، وەکو کوردی، فارسی و تورکی، چ لە کۆندا، چ لە سەردەمی نوێشدا، هەمیشە سەروا ڕەگەزی سەرەکیی شیعر بووە و شاعیران زۆر بایەخیان پێداوە. سەروا لەگەڵ کێش، گرنگترین دوو پێکهێنەری تەکنیک و ڕوخساری شیعری کلاسیکین. هەردووکیشیان وەکو زانست لە حوجرە و مزگەوتەکاندا خوێندراون و شاعیران، کە زۆربەیان لە حوجرە و مزگەوتەکان خوێندوویانە، کەم تا زۆر بەو زانستانە ئاشنا بوون و پابەندی ئەو بنەما زانستییانە بوونە لەناو دەقە شیعرییەکانیاندا. لەناو شیعردا کێش پەیوەندیی بە مۆسیقای کۆی دێرە شیعرەوە هەیە، هەرچی سەروایە، بە تایبەتی لە سنووری ئەم لێکۆڵینەوەیەدا، پەیوەندیی بە مۆسیقای کۆتایی دیرە شیعرەوە هەیە.

نالی، شاعیرێکی گەورەی سەدەی نۆزدەهەمە و بە ڕابەری قوتابخانەی سلێمانیی شیعری کلاسیکی دادەندرێ، شیعرەکانی چ لە ڕووی ناوەڕۆکەوە، چ لە ڕووی ڕوخسارەوە، وردەکاری و وەستاییەکی زۆری تێدا بەکار هاتووە. لە جیهانی لێتوێژینەوەی شیعری کوردیدا، پانتاییەکی گەورە بۆ توێژینەوە لە شیعرەکانی نالی لە بوارە جیاجیاکان هەیە و کەم تا زۆر ئەو وردەکاری و وەستایەتییەی نالی لە شیعرەکانی دەرخراون، بەڵام ئەوەی جێی سەرنجە، توێژینەوەکان زیاتر لە بارەی


DOI:https://doi.org/10.26750/Vol(7).No(1).paper24 http://journal.uor.edu.krd/index.php/JUR Vol.7. No.1, January.2020

مەبەست و ناوەرۆکی شیعرەکانن و کەمتر کار لەسەر تەکنیک و مۆسیقای شیعرەکانی کراوە، کە لەم بوارەشدا نالی سەرمەشقی شاعیرانی ترە و جوانکارییەکی زۆر لە مۆسیقای شیعرەکانی هەستی پێ دەکرێت، بە تایبەتیش لە ڕووی کێش و سەرواوە. سەروا وەک پێکهاتەیەکی گرنگی مۆسیقای شیعری لە شیعری نالیدا جوانییەکی زیاتری بە دەقەکانی داوە. هەوڵی داوە زۆربەی پیتەکانی زمان بکاتە ڕەوی، پێش ڕەوی و پاش ڕەویی گونجاوی بەکار هێناون. تا ڕاددەیەکی باش پاش سەروای بۆ شیعرەکانی بەکار هێناوە. لە زۆربەی شیعرەکانیدا سەروای غەزەل و قەسیدەی بەکارهێناوە، لەگەڵ ئەمەشدا سەروای هەریەک لە هونەرەکانی موستەزاد و تاکیش لە شیعرەکانی بەدی دەکرێن.

لە شیعری نالیدا موستەزادییێک هەیە، (موستەزاد هونەرێکی شیعرییە، بەو شیعرە دەڵێن دوای هەر لەتێک، تیکەیەک یان چەند تیکەیەکی بە کێش و سەروای تایبەتییەوە بۆ زیاد دەکرێ)(گەردی، ١٩٩٩، لا٢٨٦)

موستەزاد ئەگەر لە شیعری کلاسیکیی کوردیدا دەرکەوتبێت، بەو شێوەیە دەرکەوتووە، کە دوای هەر لەتێکی شیعری زیادەیەک (تیکەیەک) هەیە و زیادەکان پێکەوە سەروای تایبەتیی خۆیان هەیە.

نالی تەنها یەک موستەزادی هەیە، ئەویش ٩ دێرە و ١٨ لەتە و لە دوای هەر ١٨ لەتەکەش زیادەیەک هەیە. لەو موستەزادەدا ٩ دێرەکان بە بێ زیادەکان وەکو غەزەلێک دەردەکەون و تیکە زیادکراوەکانیش بە هەمان شێوە وەکو غەزەلێکی تر دەردەکەون و هەریەکەیان بوونێکی سەربەخۆی لە ڕووی واتا و ناوەرۆک و کێش و سەرواوە هەیە، هاوکات کە بە یەکەوەش هاتوون جوانکارییەکی زیاتریان داوەتە دەقەکە و هاوکات پەیوەندییەکی جوانی واتا و ناوەرۆک و کێش و سەروایان بەیەکەوە دروست کردووە. بەو پێیەی سنووری ئەو لێکۆڵینەوەیە، تەنها سەروایە، دەکرێ بڵێین لەو موستەزادەدا لەتەکان بە جیا و زیادەکان بە جیا شێوەی سەروای دوو غەزەل وەردەگرن و هاوکات پەیوەندییەکی سەرواشیان بەیەکەوە هەیە. بە واتایەکی تر سەروای لەتەکان بە تەنها سەروای غەزەلێکە و سەروای زیادەکانیش بە تەنها سەروای غەزەلێکی ترە، بەڵام بێجگە لە دێری یەکەم، سەروای لەتی یەکەمی هەموو دێرەکانی تر لەگەڵ زیادەی بەرانبەری هاوسەروایە. واتە سەرواکەی بەم شێوەیە:

| | |
|---|---|
| A ............................................................................ | e.......................... |
| A ............................................................................ | e.......................... |
| B ............................................................................ | b.......................... |
| A ............................................................................ | e.......................... |
| C ............................................................................ | c.......................... |
| A ............................................................................ | e.......................... |



DOI:https://doi.org/10.26750/Vol(7).No(1).paper24 http://journal.uor.edu.krd/index.php/JUR Vol.7. No.1, January.2020

d............................ D ..........................................................................................

e............................ A ..........................................................................................

سەرواکە بەسەریەکەوە بەوشێوەیەی لێدێت: AeAe, BbAe, CcAe, DdAe...

لێرەدا نموونەی سێ دێر لە شیعرەکە دەهێنینەوە، ش١٢١، لا١٧٠:

| | |
|---|---|
| ئەی تازە جەوان پیرم و ئوفتادە وو کەوتووم | تا ماوە حەیاتم |
| دەستێ بدەرە دەستی شکەستەم کە لە دەس چووم | قوربانی وەفاتم |
| تۆ یووسفی نەوحوسنی لەسەر میسری جیانی | من پیرم و فانی |
| لەم کولبەیی ئەحزانە نە زیندووم و نە مردووم | هەروا بە تەماتم |
| فەرقێکی نەکرد نەفسی نەفیسم بە عینایەت | وەحشی لە ویلایەت |
| لەم گۆشەیە وێرانەیە هەر مامەوە وەک بووم | وەی شوومی ولاتم |

هەرچی تاکە، (بریتییە لە یەک دێرە شیعری سەربەخۆ، کە مانایەکی تەواو دەگەیەنێ)(گەردی، ١٩٩٩، لا١٩٤). وەکو لە ناوەکەی دیارە، کە شیعر بە تەنها بریتییە لە یەک دێرە شیعر و لە شیعری کلاسیکی کوردیدا لە زۆربەی حاڵەت سەروای هەردوو لەتی دێرە شیعرەکە وەکو یەکە، واتە AA ە و بە دەگمەنیش وابووە کە AB بێت. لای نالی بە پێی دیوانەکەی بەردەستمان تەنها یەک تاک هەیە و سەرواکەی AA ە. ش١٢٢، لا١٧١:

سەوتی نەغمەی بولبولە یا چەهچەهەی خڕخاڵییە

دەنگی سۆڵە یا لە ژێر پێی ناڵەناڵی نالییە

جیا لەو دوو شیعرەی کە پێشووتر باس کران و یەکیان موستەزاد و ئەوی تریان تاک بوو، هەموو شیعرەکانی تری نالی غەزەل و قەسیدەن، کە لە سەروادا خاوەنی هەمان ڕێسان و سەروای یەکگرتوویان پێدەڵێن. واتە شیعرێک ئەگەر غەزەل یا قەسیدە بێت، پێویستە دێری یەکەمی هاوسەروا بێت و لەتی دووەمی هەموو دێرەکانی تری شیعرەکە دەبێت هەمان سەروای دێری یەکەمی هەبێت. واتە بەم شێوەیە: ...AA,BA,CA,DA.

لێرەدا بە شێوەیەکی وەسفی و بابەتییانە هەموو ئەو هونەرکارییانەی سەروا، چ لەسەر ئاستی دەنگەکانی سەروا، چ لەسەر ئاستی وشەکانی سەروا، لە شیعرەکانی نالی دەرخراون و لێیان کۆڵدراوەتەوە.



DOI:https://doi.org/10.26750/Vol(7).No(1).paper24 http://journal.uor.edu.krd/index.php/JUR Vol.7. No.1, January.2020

## ١. لە ئاستی دەنگەکانەوە:

### ١,١. ڕەوی:

بنچینەی سەروا، ڕەوییە. ئەو دەنگەیە کە دەکەوێتە کۆتایی وشەی ڕەسەنی سەروا و شیعری لەسەر بنیات دەنرێت. بۆ ئەوەی ڕەوی لە شیعرێکدا دەستنیشان بکەین، پێویستە ئەسڵی وشەکە وەربگرین بە بێ پاشگر(ئەگەر هەبوو)، ئیتر دوا دەنگ دەبێتە ڕەوی.

کۆی شیعرەکانی نالی بە پێی ئەو دیوانەی لەبەر دەستماندایە، ١٢٢ شیعرن، ١١٠ لەو شیعرانە غەزەلن، ١٠ دەیان قەسیدەن، یەک موستەزاد و یەک تاکە دێریش هەیە. ئەوەی بەلای ئێمەوە گرنگە لە هەر ١٢٢ شیعرەکە یەکێتیی سەروا پەیڕەو کراوە، ئەمەش یارمەتیمان دەدات ئاسانتر ڕەوی و لایەنەکانی تری سەروا دەستنیشان بکەین. بەو پێیەی موستەزاد هونەرێکی تایبەتە و لەبەرانبەر هەر نیوەدێرێک، زیادە(تیکە)یەک بە سیستمێکی تایبەتی سەروا هەیە و هەموو تیکەکان پێکەوە شێوەی غەزەلێک پێک دینن، لەم توێژینەوەیە دا بۆ ئەوەی وردتر داتا و دەرەنجامەکان بخەینە ڕوو، ئەو زیادانەشمان بە شیعر هەژمار کردووە. کەواتە سەرجەمی شیعرەکان لەم توێژینەوەیە دا دەبێتە ١٢٣ شیعر و ١١٧٩ دێرە شیعر.

٢٨ دەنگ لای نالی بوونەتە ڕەوی، کە ئەمانەن:

نەبزوێنەکان: (ر(ڕ)، ن، م، و، ت، ب، ق، ل(ڵ)، ی، س، د، ژ، ط، ح، هـ ش، ک، ز، ف، گ، ج)

بزوێنەکان: (ا، ی، ۆ، وو، ێ).

هەروەها ١٠ دەنگیش نەبوونەتە ڕەوی کە ئەمانەن:

نەبزوێنەکان: (ئـ ، پ، چ، خ، ع، غ، ڤ).

بزوێنەکان: (و، ە، بزرۆکە). ئەم سێ بزوێنە نەک هەر لای نالی بەڵکو لای شاعیرانی تریش نەبوونەتە ڕەوی، چونکە (لەبەر بێ هێزی توانای ڕاگرتنی قورسایی سەروایان نییە.)(گەردی، ١٩٩٩، ل١١٦).

بە شێوەیەکی گشتی لە کۆی ١٢٣ شیعر، لە ٩٢یان ڕەوی دەنگی نەبزوێنە، لە ٣١یشیان دەنگی بزوێنە.

لێرەدا نموونەی شیعری بۆ هەموو ئەو دەنگانە دێنینەوە کە بوونەتە ڕەوی، لەگەڵ ڕاددەی بەکارهاتنیان لەسەر ئاستی ژمارەی شیعر و ژمارەی دێرەکان:

دەنگی (ر-ڕ)، ٢١ شیعر، ٢٧٢ دێر، نموونە ش٢٣، لا٥٢:

ئیلتیقای پۆلاد و ئاسن هەر نیزاعە و گیرودار

جەمعی ماء و نار و زەند و زەندە وو مەرخ و عەفار



DOI:https://doi.org/10.26750/Vol(7).No(1).paper24 http://journal.uor.edu.krd/index.php/JUR Vol.7. No.1, January.2020

دەنگی (ا)، ٢١ شیعر، ٢١١ دێر، نموونە ش١، لا٣٣:

ڕیشەکەی پان و درێژە بووریا خزمەت دەکا

زاهیرە هەر کەس لە توول و عەرزی ڕیشی دا ڕیا

دەنگی (ن)، ١٥ شیعر، ١٧٨ دێر، نموونە ش٥٢، لا٧٩:

شکافێکی کلافەی زولفی موشکین

دەڕێژێ موشک و عەنبەر لێرە تا چین

دەنگی (و– نەبزوێن)، ٧ شیعر، ٧٨ دێر، نموونە ش١١٥، لا١٤٤:

وەک قەفەس ئەم حوجرە کون تێیە کەوا گرتوومیە ناو

تار و پوودی عەنکەبووتی زۆرە لێی کردووم بە داو

دەنگی (ت)، ٧ شیعر، ٥٩ دێر، نموونە ش٢٠، لا٤٩:

مەکە ئیخلافی ئەو وەعدەی کە فەرمووت

دەخیلت بم کە خانەی سەبرەکەم سووت

دەنگی (م)، ٧ شیعر، ٤٥ دێر، نموونە ش٣٤، لا٦٤:

فاتیحە تەسخیرە شاری دڵ بە تابووری ئەلەم

موددەتێکی زۆرە پایتەختە لە بۆ خاقانی غەم

دەنگی (ب)، ٦ شیعر، ٤٢ دێر، نموونە ش١٧، لا٤٧:

زولفەینی بە خەم مار و بە حەلقەن وەکو عەقرەب

شیعری لەف و نەشرن چ موشەووەش چ مورەتتەب

دەنگی (ق)، ٥ شیعر، ٣٢ دێر، نموونە ش٣١، لا٦١:

چییە گوارە گوناهی وا بە نەستەق

بە گوێ هەڵتاوەسیوە سەر موعەللەق



DOI:https://doi.org/10.26750/Vol(7).No(1).paper24 http://journal.uor.edu.krd/index.php/JUR Vol.7. No.1, January.2020

دەنگی (ل- ڵ)، ٤ شیعر، ٢٨ دێر، نموونە ش٤٣، لا٧١:

لایقی مەخزەنی تەبعە هەمو کەنزی غەزەلِم

قابیلی زەربی ڕەواجە زەڕ و زیوی مەسەلِم

دەنگی (ۆ)، ٣ شیعر، ٢٦ دێر، نموونە ش٥٧، لا٨٤:

زولفت کە لە سەر ڕوو بە خەم و تابشە ئەمڕۆ

دوودی سییەهی عوودە لە سەر عاریزی پشکۆ

دەنگی (ی- بزوێن)، ٣ شیعر، ٢٦ دێر، نموونە ش١١٨، لا١٦٠:

قەدری من چەندە لە لای دەوڵەتی دونیایی دەنی

قەدری ئەو کەمتر و هەر دوو لە غەمی یەکدی غەنی

دەنگی (د)، ٣ شیعر، ٢٤ دێر، نموونە ش٥٨، لا٨٤:

دەروونم پڕ کەباب و دەردِە بێ تۆ

دڵم گەرم و هەناسەم سەردِە بێ تۆ

دەنگی (س)، ٣ شیعر، ٢٣ دێر، نموونە ش٢٩، لا٥٨:

سابوونی کەففی پێتە کەفی زاری چاپلووس

خاسییەتی ڕەقی هەیە نەرمی زمانی لووس

دەنگی (ی- نەبزوێن)، ٣ شیعر، ٢٠ دێر، نموونە ش١٠١، لا١٢٢:

وەرە ساقی بە شینی مەزهەبی دەی

ئەوا فەرشی حەیاتی خۆم دەکەم تەی

دەنگی (ژ)، ٢ شیعر، ١٧ دێر، نموونە ش٢٥، لا٥٤:

هەی کەرێکم بوو چ پەیکەر تەیکەری هەوراز و لێژ

سینە پان و مووچە کورت و شانە بەرز و گوێ درێژ


DOI:https://doi.org/10.26750/Vol(7).No(1).paper24 http://journal.uor.edu.krd/index.php/JUR Vol.7. No.1, January.2020

دەنگی (ێ)، ٢ شیعر، ١٦ دێر، نموونە ش١٠٨، ل١٣٠:

تەشریفی نەوبەهارە کە عالەم دەکا نووێ

دڵ چونکە میسلی غونچەیە بۆیە دەپشکووێ

دەنگی (وو)، ٢ شیعر، ١٤ دێر، نموونە ش٢٨، ل٥٨:

عومری بێ حاسیلی من چووو بە عەبەس

ئەمەلم هەر چی هەبوو بووو بە عەبەس

دەنگی (ک)، ١ شیعر، ١١ دێر، نموونە ش٣٢، ل٦٢:

ئەی شۆخی بێ نیاز و گران ناز و غەمزە سووک

تیری موژەت نیشانەیی دڵ کون دەکا بە نووک

دەنگی (هـ)، ١ شیعر، ١٠ دێر، نموونە ش٥١، ل٧٨:

ئەم تاقمە مومتازە کەوا خاسەیی شاهِن

ئاشووبی دڵی مەملەکەت و قەلبی سوپاهِن

دەنگی (ط)، ١ شیعر، ٩ دێر، نموونە ش١٨، ل٤٨:

مووی سپی کردم بە شووشتن ئاوی عەینی شۆرەشەط

شۆرە شەط یەعنی کە تێیدا خود بە خود قەل بوو بە بەط

دەنگی (ف)، ١ شیعر، ٨ دێر، نموونە ش٦٦، ل٩١:

حەلقە دەر گووشی کەفی ڕەنگینی تۆیە ئەم دەفە

با نەناڵێ لێی مەدە عەن تەلمیهی کوففەلکەفە

دەنگی (ج)، ١ شیعر، ٨ دێر، نموونە ش٩٣، ل١١٥:

ئەی قەلعەیی ماهم کە دەڵێی ئەوجی بورووجی

وەی قوللەیی دووری کە دەڵێی قامەتی عووجی


DOI:https://doi.org/10.26750/Vol(7).No(1).paper24 http://journal.uor.edu.krd/index.php/JUR Vol.7. No.1, January.2020

دەنگی (ح)، ١ شیعر، ٧ دێر، نموونە ش٢٢، لا٥١:

ساقی وەرە ڕەنگین کە بە پەنجە لەبی ئەقداح

بەم ڕاحە لەسەر ڕاحە دەڵێن ڕاحەتی ئەرواح

دەنگی (ش)، ١ شیعر، ٥ دێر، نموونە ش٤١، لا٦٩:

عومرێکە بە میزانی ئەدەب توحفە فرۆشم

زۆرم گوت و کەس تێنەگەیی ئێستە خەمۆشم

دەنگی (ز)، ١ شیعر، ٥ دێر، نموونە ش٦٥، لا٩١:

سەراپای گوارە زەردی ترس و لەرزە

دەڵێی عاسی بووە لەو جێگە بەرزە

دەنگی (گ)، ١ شیعر، ٥ دێر، نموونە ش٧٠، لا٩٤:

شاهێنی دو چاوت کە نیگا و مەیلی بە دانگە

کێشانی بە قوللابی دڵاوێزی بژانگە

لەم خشتەیەی خوارەوەدا بە وردی ژمارە و ڕێژەی ئەو دەنگانەی لای نالی بوونەتە ڕەوی لە ئاستی ژمارەی شیعرەکان و ژمارەی دێرەکان دەرخراون:

| دەنگی ڕەوی | ژمارەی شیعر | ڕێژەی سەدی | ژمارەی دێرە شیعر | ڕێژەی سەدی |
|---|---|---|---|---|
| ر (ڕ) | ٢١ | ٪١٧،٠٧ | ٢٧٢ | ٪٢٣،٠٧ |
| ا | ٢١ | ٪١٧،٠٧ | ٢١١ | ٪١٧،٩ |
| ن | ١٥ | ٪١٢،١٩ | ١٧٨ | ٪١٥،١ |
| و- نەبزوێن | ٧ | ٪٥،٦٩ | ٧٨ | ٪٦،٦٢ |
| ت | ٧ | ٪٥،٦٩ | ٥٩ | ٪٥ |
| م | ٧ | ٪٥،٦٩ | ٤٥ | ٪٣،٨٢ |
| ب | ٦ | ٪٤،٨٨ | ٤٢ | ٪٣،٥٦ |
| ق | ٥ | ٪٤،٠٧ | ٣٢ | ٪٢،٧١ |
| ل (ڵ) | ٤ | ٪٣،٢٥ | ٢٨ | ٪٢،٣٧ |
| ۆ | ٣ | ٪٢،٤٤ | ٢٦ | ٪٢،٢١ |



DOI:https://doi.org/10.26750/Vol(7).No(1).paper24 http://journal.uor.edu.krd/index.php/JUR Vol.7. No.1, January.2020

| | | | | |
|---|---|---|---|---|
| ی- بزوێن | ٣ | ٪٢،٤٤ | ٢٦ | ٪٢،٢١ |
| د | ٣ | ٪٢،٤٤ | ٢٤ | ٪٢،٠٤ |
| س | ٣ | ٪٢،٤٤ | ٢٣ | ٪١،٩٥ |
| ی- نەبزوێن | ٣ | ٪٢،٤٤ | ٢٠ | ٪١،٧ |
| ژ | ٢ | ٪١،٦٣ | ١٧ | ٪١،٤٤ |
| ێ | ٢ | ٪١،٦٣ | ١٦ | ٪١،٣٦ |
| وو | ٢ | ٪١،٦٣ | ١٤ | ٪١،١٩ |
| ک | ١ | ٪٠،٨١ | ١١ | ٪٠،٩٣ |
| هـ | ١ | ٪٠،٨١ | ١٠ | ٪٠،٨٥ |
| ط | ١ | ٪٠،٨١ | ٩ | ٪٠،٧٦ |
| ف | ١ | ٪٠،٨١ | ٨ | ٪٠،٦٨ |
| ج | ١ | ٪٠،٨١ | ٨ | ٪٠،٦٨ |
| ح | ١ | ٪٠،٨١ | ٧ | ٪٠،٥٩ |
| ش | ١ | ٪٠،٨١ | ٥ | ٪٠،٤٢ |
| ز | ١ | ٪٠،٨١ | ٥ | ٪٠،٤٢ |
| گ | ١ | ٪٠،٨١ | ٥ | ٪٠،٤٢ |

### ١. ٢. پێش ڕەوی:

دیارە ئەگەر ڕەوی بزوێن بێت، ئەوە لەناو وشەی سەروادا پێویست بە پێش ڕەوی ناکات ڕەوییە بزوێنەکە خۆی لەنگەری سەروا ڕادەگرێ، بەڵام ئەگەر ڕەوی نەبزوێن بێت، پێویستە بزوێنێک پێش دەنگە نەبزوێنەکەش وەکو یەک بێت، بۆ ئەوەی ئاواز و مۆسیقای سەروای شیعرەکە وەک خۆی بێتەوە. لە ناو زانستی سەروادا ئەو دەنگە بزوێنەی دەکەوێتە پێش دەنگی ڕەوییەکە پێی دەوترێت (پێش ڕەوی).

لە کۆی ١٢٣ شیعری نالی، ١٠٣یان بێجگە لە دەنگی هاوبەشی ڕەوی، دەنگی پێش ڕەویشیان وەکو یەکە و ٢٠ شیعریشیان پێش ڕەوییان نییە، واتە بە ڕێژەی ٪٨٣،٧٤ی شیعرەکانی نالی پێش ڕەوییان هەیە. ئەو دەنگانەی بوون بە پێش ڕەوی ژمارەیان ١٤ دەنگە، کە ئەمانەن: (ا) ٣٤ جار، (ە) ٢٦ جار، (وو) ١٢ جار، (ی- بزوێن) ٩ جار، (ێ) ٤ جار، (ر-ڕ) ٤ جار، هەریەک لە (و-نەبزوێن، د) ٣ جار، هەریەک لە (ن، ل-ڵ) ٢ جار، هەریەک لە (ش، ی-نەبزوێن، م، ۆ) ١ جار. بەم جۆرە لە کۆی ١٠٣ شیعر کە پێش ڕەویان هەیە، ٨٦یان دەنگی بزوێنن و ١٧یان دەنگی نەبزوێنن. لە بزوێنەکانیش، دەنگی (ا) بە پلەی یەکەم و (ە) بە پلەی دووەم و (وو) بە پلەی سێیەم دێن و لێرەدا بۆ هەریەک لەو سێیانە نموونەی شیعری دەهێنینەوە:


DOI:https://doi.org/10.26750/Vol(7).No(1).paper24 http://journal.uor.edu.krd/index.php/JUR Vol.7. No.1, January.2020

دەنگی(ا)، نموونە ش١١١، لا١٣٣:

ماتم وەکو زولفەینی سییەهـ گرتی سەراپات

پۆشی لە ڕوخت تەعبییەیی بەیدەقی شامات

دەنگی (ە)، نموونە ش١٩، لا٤٩:

چاوت لە برۆ یەعنی لە ژێر تاقی نەزارەت

بێ پەردە عەیان دێتە تەکەللوم بە ئیشارەت

دەنگی (وو)، نموونە ش١١٤، لا١٣٨:

قوربانی تۆزی ڕێگەتم ئەی بادی خۆش موروور

وەی پەیکی شارەزا بە هەموو شاری شارەزوور

بەو پێیەی کە زیاتر دەنگی نەبزوێن دەبن بە ڕەوی، بە زۆریش دەنگی بزوێن دەبن بە پێش ڕەوی، وەکو پێشتر باسکرا لە شیعری نالی دا پێش ڕەویی بزوێن چەند قاتی پێش ڕەویی نەبزوێنە، لەگەڵ ئەمەش دا لە کۆی ١٠٣ شیعر، ١٧ حاڵەت هەیە، کە پێش ڕەوییان نەبزوێنە. دەنگی (ر-ڕ) بە چوار حاڵەت پێشەنگی دەنگە نەبزوێنەکانە وەک پێش ڕەوی، کە لێرەدا نموونەی بۆ دەهێنینەوە، ش٥٨، لا٨٤:

دەروونم پڕ کەباب و دەردە بێ تۆ

دڵم گەرم و هەناسەم سەردە بێ تۆ

لە هەندێک لە شیعرەکانی نالی دا، پێش ڕەوی تەنها یەک دەنگ نییە، جاری وایە زیاتر لەیەک دەنگ بەشداریی درێژبوونەوەی ئاوازی سەرواى شیعرەکە دەکەن، بە گشتی لە ١٤ شیعردا زیاتر لە یەک دەنگ بەشدارییان لە پێش ڕەوی کردووە، لە ٩ شیعرییان دوو دەنگ بەشدارن، لە ٥ شیعریش سێ دەنگ بەشدارن.

نموونە بۆ دوو دەنگی پێش ڕەوی، دەنگەکانی (ە، ر)، ش٦٥، لا٩١:

سەراپای گوارە زەردی ترس و لەرزە

دەڵێی عاسی بووە لەو جێگە بەرزە

نموونە بۆ سێ دەنگی پێش ڕەوی، دەنگەکانی (ا، ر، ە)، ش١٩، لا٤٩:

چاوت لە برۆ یەعنی لە ژێر تاقی نەزارەت



DOI:https://doi.org/10.26750/Vol(7).No(1).paper24 http://journal.uor.edu.krd/index.php/JUR Vol.7. No.1, January.2020

بێ پەردە عەیان دێتە تەکەللوم بە ئیشارەت

## ١. ٣. پاش ڕەوی:

پاش ڕەوی بەو دەنگە زیادانە دەوترێت، کە دەکەونە دوای ڕەوی و زۆربەی جار بەشێک نین لە وشەی ڕەسەنی سەروا، بەڵکو زیاتر پاشگر و زیادەی ڕێزمانین و بە وشەی سەرواوە دەلکێن.

لای نالی لە ٧١ شیعر پاش ڕەوی هەیە، یەکێکیان پاش ڕەویی ئەسڵییە و دەنگی (ە)ە و بەشێکە لە وشەی ڕەسەنی سەروا، بەڵام بە هۆی بێهێزی نەبۆتە ڕەوی و دەنگی پێشتری بۆتە ڕەوی و (ە)ەکە بۆتە پاش ڕەوی. لە ٧ حاڵەتدا پاش ڕەوییەکە لە نێوان ئەسڵی و مۆرفیمی زیادەی ڕێزمانییە، بە شێوەیەک پاش ڕەوییەکە لە هەندێ دێر بەشێکی وشەی ڕەسەنی سەروایە، لە هەندێ دێریش زیادەی ڕێزمانییە. لەو ٧ حاڵەتە، ٥ یان دەنگی (ە)ن و ٢یان دەنگی (ی)ن.

بێجگە لەمانە، لە ٤٨ حاڵەتدا پاش ڕەوییەکە زیادەی ڕێزمانیی یەک مۆرفیمییە. ئەو مۆرفیمانەی بوون بە پاش ڕەوی ئەمانەن:

- (ە)ی مۆرفیمی کاتی ئێستا، ١٦ جار
- (م)ی جێناوی لکاوی کەسی یەکەمی تاک، ٩ جار
- (ی)ی جێناوی لکاوی کەسی سێیەمی تاک، ٩ جار
- (ن)ی جێناوی لکاوی کەسی سێیەمی کۆ، ٤ جار
- (ی)ی ئامرازی خستنەسەر، ٤ جار
- (ی)ی جێناوی لکاوی کەسی دووەمی تاک، ٢ جار
- هەریەک لە ئامراز و جێناوەکانی (ت، ان، یان، ـە)، ١ جار

لە ١٥ حاڵەتیشدا زیاتر لە دەنگێک بوونەتە پاش ڕەوی، واتە پاش ڕەوییەکە زیادەی ڕێزمانیی فرە مۆڕفیمییە. لە کۆی ١٥ حاڵەتەکە، لە ١١یان پاش ڕەوی دوو مۆرفیمە، لە ٤یشیان سێ مۆرفیمە.

نموونەی شیعری بۆ هەندێک لەو حاڵەتانە:

- پاش ڕەویی ئەسڵی، دەنگی (ە)، نموونە ش٧١، ل٩٥:

بنوارە وشکە سۆفی یو ڕەقسی بە هەلهەلە

دیسان لە بەحری وشکی هەوا کەوتە پێ مەلە

لەم دێرەدا (ە) مۆرفیمی ڕێزمانی نییە، بەڵکو بەشێکە لە ئەسڵی وشەکانی (هەلهەلە، مەلە). بە هۆی بێهێزی و کورتی، دەبێتە پاش ڕەوی و دەنگی پێشتر، کە (ل)ە دەبێتە ڕەوی.


DOI:https://doi.org/10.26750/Vol(7).No(1).paper24 http://journal.uor.edu.krd/index.php/JUR Vol.7. No.1, January.2020

- پاش ڕەویی ئەسڵی و ڕێزمانی پێکەوە، دەنگی (ە)، نموونە ش٦٢، لا٨٨:

دەستم لە گەردنی خۆت هەڵمەگرە ئەی حەبیبە

وەبزانە خوێنی خۆمە یا مننەتی ڕەقیبە

لەم دێرە شیعرە دا دەنگی (ب) ڕەوییە، دەنگی (ە) پاش ڕەوییە، لە لەتی یەکەم دا (ە) بەشێکە لە وشەی (حەبیبە) و زیادەی ڕێزمانی نییە، بەڵام لە لەتی دووەم دا زیادەی ڕێزمانییە و مۆرفیمی کاتی ئێستایە و لکاوە بە وشەی (ڕەقیب).

- پاش ڕەویی زیادەی ڕێزمانی، یەک مۆرفیمی:
- (ە) مۆرفیمی کاتی ئێستا، نموونە ش٦٣، لا٨٩:

لە دڵدا ئاتەشی عیشقت بڵێسەی میسلی تەنوورە

شەتی ئەشکم نەبێ مانیع دەسووتێم دەبمە کۆی نوورە

- (م) جێناوی لکاوی کەسی یەکەمی تاک، نموونە ش٣٦، لا٦٥:

وەی کە ڕوو زەردی مەدینە و ڕوو سییاهی مەککە خۆم

دەرکراو و دەربەدەر یا ڕەب دەخیلی عەفوی تۆم

- (ی) جێناوی لکاوی کەسی سێیەمی تاک، نموونە ش٣٥، لا٦٤:

دڵ دەڵێ سەیری چەمەن خۆشە جەوابی نادەم

مووددەتێکە لە قەفەس دایە عەزابی نادەم

- پاش ڕەویی زیادەی ڕێزمانی، فرە مۆرفیمی:
- دوو مۆرفیمی، بۆ نموونە، ش٤٢، لا٧٠:

شەو هات و ئەمن مەستی خەیاڵاتی کەسێکم

مەشغوولی نەفەس گرتنی موشکین نەفەسێکم

لەم دێرە شیعرە دا دەنگی (س) ڕەوییە و هەریەک لە (ێک) مۆرفیمی نەناسیاوی و (م) جێناوی لکاوی کەسی یەکەمی تاک بوونەتە پاش ڕەویی زیادەی ڕێزمانیی فرە مۆرفیمی.

- سێ مۆرفیمی، بۆ نموونە، ش٦٩، لا٩٤:



DOI:https://doi.org/10.26750/Vol(7).No(1).paper24 http://journal.uor.edu.krd/index.php/JUR Vol.7. No.1, January.2020

سەری هەر مووی بەدەنم تەرزە تەمەننایێکە

گەردشی تووکی سەرم هێلەکی سەودایێکە

لەم دێرە دا (ا) ڕەوییە، (یێکە) هەمووی بەسەر یەکەوە دەبێتە پاش ڕەویی زیادەی فرە مۆرفیمی، کە لە ٣ مۆرفیم پێک هاتووە (ی، ێک، ە)، (ی) ناوبڕێکی نەبزوێنە بۆ هەردوو بزوێنی (ا) و (ێ)، (ێک) مۆرفیمی نەناسیاوی، (ە) مۆرفیمی کاتی ئێستا.

## ٢. لە ئاستی وشەکانەوە:

## ٢. ١. پاش سەروا (ڕەدیف):

ڕەدیف، هونەرێکی تایبەتیی سەروایە و بەو وشە و دەستەواژە و هەندێ جار ڕستە و زیاتریش لە ڕستە دەوترێت، کە لە کۆتایی وشە سەرواوادارەکان وەک خۆیان دووبارە دەبنەوە. ئەمە ئەگەر لە غەزەل و قەسیدەدا بێت، پێویستە لە کۆتایی هەموو دێرەکان ئەو وشە و دەستەواژانە وەک خۆیان دووبارە ببنەوە. (مارف خەزنەدار) لە بارەی پاش سەرواوە ئەم پێناسەیە دەکات: (بریتییە لە وشەیەک یاخود ڕستەیەک، لە دوایی هەموو دێرە شیعرێکدا وەکو خۆی دووبارە ئەکرێتەوە)(خەزنەدار، ١٩٦٢، لا٥٩). پاش سەروا کەمتر لە شیعری عەرەبی و زیاتر لە شیعری کلاسیکیی کوردی و فارسیدا دەرکەوتووە.

لە شیعری نالی دا، لە کۆی ١٢٢ شیعر، ٣٨یان پاش سەروا (ڕەدیف)یان هەیە، کە دەکاتە ڕێژەی ٣١،١٥٪ ی کۆی شیعرەکان. لە ٢٩ حاڵەت دا ڕەدیف یەک وشەیە، لە ٧ حاڵەت دا دەستەواژەیەکە، لە ٢ حاڵەتیش دا ڕەدیف ڕستەیەکە.

لەو وشانەی کە بوونەتە ڕەدیف لای نالی ٢٠ یان کار(فرمان)ن، بەم شێوەیە: (دەکا) ٥ جار، (بێ) ٣ جار، (بوو) ٢ جار، (هەیە) ٢ جار، هەریەک لە کارەکانی (نادەم، مام، دەخۆم، نەبوو، گرتووە، کردووە، نییە، دەوێ) ١ جار.

نموونەی شیعری بۆ هەندی لەو ڕەدیفانە:

کاری (دەکا)، نموونە ش١٦، لا٤٦:

بولبولی تەبعم ئەوا دیسان سەنا خوانی دەکا

نوکتە سەنجی و بەزلە گۆیی و گەوهەر ئەفشانی دەکا

کاری (بێ)، نموونە ش١٠٦، لا١٢٨:

لە چاوی ڕوودبارم نووری دیتن وەقتە تاری بێ

ئەمیش با ماجەرای هیجرانی (نووری ڕوودباری) بێ



DOI:https://doi.org/10.26750/Vol(7).No(1).paper24 http://journal.uor.edu.krd/index.php/JUR Vol.7. No.1, January.2020

کاری (بوو)، نموونە ش٥٤، لا٨١:

هەرچەندە کە عومری خدر و چامی جەمت بوو

چونکە ئەمەلت زۆرە چ عومرێکی کەمت بوو

کاری (هەیە)، نموونە ش٨٨، لا١١٠:

عاشقی بێ دڵ دەناڵێ مەیلی گریانی هەیە

بێ شکە هەورە تریشقە تاوە بارانی هەیە

لە ٥ حاڵەت دا ئامرازێک بووەتە ڕەدیفی شیعری، ئامرازی پەیوەندی (دا) ٤ جار و ئامرازی پرس (چی) یەک جار، لێرەدا نموونەی شیعری بۆ هەریەکیان دەهێنینەوە:

ئامرازی پەیوەندی (دا)، نموونە ش٥، لا٣٧:

گەر بێیە دەرێ سەروی ڕەوانی لە ئیرەم دا

وەر نایێ دەرێ ئاهویی چینی لە حەرەم دا

ئامرازی پرس (چی)، نموونە ش٩٤، لا١١٦:

گەر بازی نەزەر بازی لەم ڕاو و شکارەت چی

بۆ یاری یو دەسبازی لەم دەست و نیگارەت چی

لە ٢ حاڵەتیشدا جێناوی کەسی یەکەمی سەربەخۆ، جارێکیان (ئەز) و جارێکیان (من) بوونەتە ڕەدیف، نموونە ش٢٤، لا٥٣:

خاو و بێ خاوی دو زولفی خاوم ئەز

چاوە چاوی یەک غەزالەی چاوم ئەز

ش٥٠، لا٧٧:

دووری لە من خستەوە بێ سەبەبێ یاری من

باری خودایا کە تۆ بگری سەبەبکاری من

هەر لە ئاستی وشە دا، هەریەک لە ناوی (کچ) و ئاوەڵکاری (قوربان)، یەک جار لە شیعری نالی دا بوونەتە ڕەدیف، نموونە ش١١٢، لا١٣٥:



DOI:https://doi.org/10.26750/Vol(7).No(1).paper24 http://journal.uor.edu.krd/index.php/JUR Vol.7. No.1, January.2020

عیشقت کە مەجازی بێ خواهش مەکە ئیللا کچ

شیرین کچ و لەیلا کچ سەلما کچ و عەزرا کچ

ش٤٤، لا٧٢:

کە تۆ قیبلەی دەمت سا بێنە قوربان

لە بۆ قوبلە دڵم مەشکێنە قوربان

لە شیعری نالی دا ڕەدیف تەنها لە سنووری وشەیەک نەماوەتەوە، بەڵکو ٥ جار دەستەواژەیەک بۆتە ڕەدیف و ٢ جاریش ڕستەیەک بۆتە ڕەدیف.

نموونە بۆ ڕەدیفی دەستەواژە، دەستەواژەی (بە عەبەس)، ش٢٨، لا٥٨:

عومری بێ حاسیلی من چوو بە عەبەس

ئەمەلم هەر چی هەبوو بوو بە عەبەس

نموونە بۆ ڕەدیفی ڕستە، ڕستەی (نەما باس)، ش٢٦، لا٥٦:

کە تۆ هاتی لە نەومێدی نەما باس

لە هیجر و ئینتیزار ئیدی نەما باس

## ٢. ٢. پێش سەروا (حاجیب):

حاجیب، بەو وشە و دەستەواژە و هەندێ جار ڕستە و زیاتریش لە ڕستە دەوترێت، کە لە پێش وشە سەروادارەکان وەک خۆیان دووبارە دەبنەوە. جیاوازیی حاجیب لەگەڵ ڕەدیف ئەوەیە، کە ڕەدیف دەکەوێتە دوای وشەی سەروا و حاجیب دەکەوێتە پێش وشەی سەروا. بە گشتی حاجیب زۆر کەمتر لە شیعری کوردیدا بەکارهاتووە، وەکو ڕەدیف نەبۆتە دیاردە، بگرە تاک و تەرا شاعیرانی کورد پەنایان بۆ بردووە.

لە کۆی شیعرەکانی نالی دا تەنها لە یەک حاڵەت، ئەویش تەنها لە یەک دێر دا پێش سەروا(حاجیب) هەیە، ئەویش لە شیعری ژمارە ٨٧ دایە و ئامرازی پرس (چ) بۆتە حاجیب، ش٨٧، لا١٠٩:

ئەڵڵە ئەڵڵا کە چ عەقل و چ کەمالێکی هەیە

لەگەڵ ئەو عەقل و کەمالە چ جەمالێکی هەیە



DOI:https://doi.org/10.26750/Vol(7).No(1).paper24 http://journal.uor.edu.krd/index.php/JUR Vol.7. No.1, January.2020

ئەوەی تێبینی دەکرێ لەم دێرە شیعرە دا هەموو لایەنەکانی سەروا، لەسەر ئاستی دەنگەکان و وشەکانی تێدایە. واتە (وشەکانی سەروا، ئەسڵی وشەکان، ڕەوی، پێش ڕەوی، پاش ڕەوی، ڕەدیف، حاجیب) لەم دێرە شیعرە دا هەم بەم جۆرە:

وشەکانی سەروا: کەمالێکی، جەمالێکی.

ئەسڵی وشەکان: کەمال، جەمال.

ڕەوی: (ل) نەبزوێن.

پێش ڕەوی: (ا) بزوێنی درێژ

پاش ڕەوی: (ێکی) زیادەی ڕێزمانی فرە مۆرفیمی. (ێک) مۆرفیمی نەناسیاوی+ (ی) جێناوی لکاوی کەسی سێیەمی تاک.

پاش سەروا (ڕەدیف): کاری (هەیە)، یەک وشەیە.

پێش سەروا (حاجیب): ئامرازی پرسی (چ)، یەک وشەیە.

بە شێوەیەکی گشتی لە کۆی ١٢٢ شیعری نالیدا، لە ٣٣ شیعردا بەتەنها ڕەوی یان ڕەوی و پێش ڕەوی سەروای شیعرییان ڕاگرتووە، لە ٥٢ شیعردا بێجگە لە ڕەوی، پاش ڕەویش هەیە، لە ٢٠ شیعریشدا ڕەوی و پاش سەروا هەن و لە ١٨ شیعریشدا ڕەوی و پاش ڕەوی و پاش سەروا هەن. هەروەک لەم خشتەیەی خوارەوەدا وردتر ژمارە و ڕێژەیان لەسەر ئاستی ژمارەی شیعر و ژمارەی دێرەکان دیاری کراوە:

| کۆتایی دێرەکان | ژمارەی شیعر | ڕێژەی ژ.شیعر | ژمارەی دێر | ڕێژەی ژ.دێر |
|---|---|---|---|---|
| ڕەوی، یان ڕەوی و پێش ڕەوی | ٣٣ | ٪٢٦،٨٣ | ٣٢٦ | ٪٢٧،٦٥ |
| ڕەوی و پاش ڕەوی | ٥٢ | ٪٤٢،٢٨ | ٥١٥ | ٪٤٣،٦٨ |
| ڕەوی و پاش سەروا | ٢٠ | ٪١٦,٢٦ | ١٩٤ | ٪١٦،٤٦ |
| ڕەوی و پاش ڕەوی و پاش سەروا | ١٨ | ٪١٤،٦٣ | ١٤٤ | ٪١٢،٢١ |


DOI:https://doi.org/10.26750/Vol(7).No(1).paper24 http://journal.uor.edu.krd/index.php/JUR Vol.7. No.1, January.2020

## ئەنجامەکان:

- لە کۆی ١٢٢ شیعری نالی، ١١٠ یان غەزەلن و ١٠ یان قەسیدەن و یەکیان موستەزاد و یەکیان تاکە، لە سەرجەمیشیان یەکێتیی سەروا پەیڕەو کراوە.
- لە سەرجەمی شیعرەکانی نالی ٢٨ دەنگ بوونەتە ڕەوی، ٢٣ نەبزوێن و ٥ بزوێن. هەروەها ١٠ دەنگی کوردی نەبوونەتە ڕەوی، ٧ نەبزوێن و ٣ بزوێن.
- سێ لە زۆرترین ئەو دەنگانەی لای نالی بوونەتە ڕەوی بریتین لە (ر-ڕ، ا، ن)، کە لە کۆی ١٢٣ شیعر ڕەویی ٥٧ شیعریان بریتییە لەو سێ دەنگە، کە دەکاتە ڕێژەی ٤٦،٣٤٪. هەروەها لە کۆی ١١٧٩ دێرە شیعر ڕەویی ٦٦١ دێریان ئەو سێ دەنگانەن، کە دەکاتە ڕێژەی ٥٦،١٪.
- لە کۆی ١٢٣ شیعری نالی، ١٠٣یان بێجگە لە دەنگی هاوبەشی ڕەوی، دەنگی پێش ڕەویشیان وەکو یەکە و ٢٠ شیعریشیان پێش ڕەوییان نییە، واتە بە ڕێژەی ٨٣،٧٤٪ی شیعرەکانی نالی پێش ڕەوییان هەیە.
- لە ٧١ شیعری دیوانی نالی، پاش ڕەوی هەیە، بە هەردوو جۆری پاش ڕەویی ئەسڵی و پاش ڕەویی زیادە. کەواتە بە ڕێژەی ٥٧،٧٢٪ ی شیعری نالی پاش ڕەوییان هەیە.
- لە کۆی ١٢٢ شیعر، ٣٨یان پاش سەروا (ڕەدیف)یان هەیە، کە دەکاتە ڕێژەی ٣١،١٥٪ ی کۆی شیعرەکان.
- لە کۆی شیعرەکانی نالی دا تەنها لە یەک حاڵەت، ئەویش تەنها لە یەک دێر دا پێش سەروا(حاجیب) هەیە.
- بە شێوەیەکی گشتی لە ٣٣ شیعردا بەتەنها ڕەوی یان ڕەوی و پێش ڕەوی سەروای شیعرییان ڕاگرتووە، کە دەکاتە ٣٢٦ دێرە شیعر و ڕێژەی٢٦،٨٣٪ی ژمارەی شیعرەکان و ٢٧،٦٥٪ی ژمارەی دێرەکان، لە ٥٢ شیعردا بێجگە لە ڕەوی، پاش ڕەویش هەیە، کە دەکاتە ٥١٥ دێرە شیعر و ڕێژەی٤٢،٢٨٪ی ژمارەی شیعرەکان و ٤٣،٦٨٪ی ژمارەی دێرەکان، لە ٢٠ شیعریشدا ڕەوی و پاش سەروا هەن، کە دەکاتە ١٩٤ دێرە شیعر و ڕێژەی١٦،٢٦٪ی ژمارەی شیعرەکان و ١٦،٤٦٪ی ژمارەی دێرەکان، لە ١٨ شیعریشدا ڕەوی و پاش ڕەوی و پاش سەروا هەن، کە دەکاتە ١٤٤ دێرە شیعر و ڕێژەی١٤،٦٣٪ی ژمارەی شیعرەکان و ١٢،٢١٪ی ژمارەی دێرەکان.


DOI:https://doi.org/10.26750/Vol(7).No(1).paper24 http://journal.uor.edu.krd/index.php/JUR Vol.7. No.1, January.2020

## سەرچاوەکان:

خەزنەدار– مارف، دیوانی نالی (ساغکردنەوە لەسەر تێکستی دەستنووس و چاپکراوی شاعیر)، چاپخانەی حاجی هاشم، هەولێر، ٢٠٠٨.

خەزنەدار– مەعرووف، کێش و قافیە لە شیعری کوردیدا، چاپخانەی الوفا، بەغدا، ١٩٦٢.

هەژار، هەنبانەبۆرینە، فرهنگ کردی-فارسی، سروش، تهران، ١٣٩٢.

گەردی– عەزیز، سەروا، لێکۆڵینەوەیەکی شیکاریی بەراوردە لە شیعری کوردیدا، دەزگای ئاراس، هەولێر، ١٩٩٩.

گەردی– عەزیز، سەرواسازی لە شیعرەکانی جزیریدا، گۆڤارا زانکۆیا دهۆک، هژمارا تایبەت، کۆنگرێ زانستیێ ئێکێ یا زانکۆیا دهۆک ٢٧-٢٩ نیسانا ١٩٩٩.

نقد الشعر، قدامه بن جعفر، قسطنطنیه، ١٣٠٢.

## پوختە:

ئەم توێژینەوەیە بە ناونیشانی (سەروای شیعرە کوردییەکانی نالی)، توێژینەوەیەکی وەسفی-شیکارییە. هەوڵێکە بۆ دەرخستن و لێتوێژینەوەی چۆنییەتی بەکارهێنانی هونەرەکانی سەروا لە شیعری نالیدا، چ لەسەر ئاستی دەنگەکانی سەروا، چ لەسەر ئاستی وشەکانی سەروا.

ئەم توێژینەوەیە لە دەروازەیەک و دوو بەش پێک هاتووە. لە دەروازەدا وێڕای باسکردنی پێناسە و زاراوە و چەمکی سەروا، باس لە قاڵبەکانی سەروای شیعری نالی کراوە، کە هەریەک لە قاڵبەکانی غەزەل و قەسیدە و موستەزاد و تاک بەیتی بەکار هێناوە. لە بەشی یەکەمیشدا، باس لە وردەکارییەکانی سەروای شیعری نالی کراوە لە ئاستی دەنگەکانەوە و بە وردی لە هەریەک لە ڕەوی و پێش ڕەوی و پاش ڕەوی کۆڵدراوەتەوە. لە بەشی دووەمیشدا، لە سەر ئاستی وشەکانەوە لە سەروای شیعری نالی کۆڵدراوەتەوە، کە هەریەک لە پاش سەروا (ڕەدیف) و پێش سەروا (حاجیب) دەگرێتە خۆی.

بە کۆمەڵێک ئەنجام کۆتایی بە توێژینەوەکە هاتووە.



DOI:https://doi.org/10.26750/Vol(7).No(1).paper24 http://journal.uor.edu.krd/index.php/JUR Vol.7. No.1, January.2020

## ملخص:

هذا البحث بعنوان (القوافي الشعرية للقصائد الكوردية عند نالي). بحث وصفي- تحليلي، وهو محاولة لاظهار كيفية أستعمال فنون القافية في شعر نالي، سواء على مستوى الاصوات او على مستوى كلمات القوافي .

البحث يتكون من مقدمة ومبحثين. ففي المقدمة فضلا عن تعريف المصطلح والمفهوم، يتحدث عن انواع القوافي الشعرية لنالي حيث استعمل الغزل، القصيدة، مستزاد، البيت المفرد، أما في المبحث الاول فهو بحث عن دقائق القوافي الشعرية عند نالي على مستوى الاصوات، الروي و قبل و بعد الروي، أما في المبحث الثاني هو بحث على مستوى الكلمات لقوافي شعر نالي الذي يضم كل ما بعد القافية (رديف) و قبل القافية (حاجب)، وفي الخاتمة تم عرض مجموعة من النتائج النهائية للبحث.

# Nali's Kurdish poetic rhymes

**Yadgar Rasool Hamad Ameen**

Kurdish Department, Faculty of Arts, Soran University, Soran , Kurdistan Region, Iraq

Email: ya@soran.edu.iq

## Abstract:

This research is a descriptive and analyzation to Nali's rhymes under the title "Nali's Kurdish poetic rhymes". It is an attempt to exhibit how Nali used rhymes in terms of sounds and words.

This research comprises of two sections along with a prelude. In the prelude section, we shed light on terminology and concepts of rhymes in Nali's poems. We have also elaborated on Ghazal, Qasida, Mustazad and Tak. In the first section, we have explained Nali's rhymes in details along with forms of Rawi, before and after Rawi. In the second section, Nali's poems have been analysed on the levels of words and in terms of Radif and Hajib. In the end, we have set a number of examples to arrive on conclusion to this research.

**Key Words:** Rhyme, Rawi, before Rawi, after Rawi, Radif, Hajib, Mustazad, Tak.